مەدینە شوێنێکی پیرۆزە لە نێوان شاخەکانی عیر بۆ سەورە (ثورە)، هەرکەسێک شتێکی تێدا دابهێنێت -لە دیندا- (بیدعەیەک دابهێنێت)، یان دااڵدەی بیدعەچیەک بدات؛ ئەوا نەفرەتی خودا وفریشتەکانی وهەموو خەڵکی لێبێت، خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی فەرز وسونەتی لێ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا

لە یەزیدی کوڕی شەریکەوە دەڵێت: عەلیم بینی -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر مینبەر وتاری دەدا، بیستم دەیووت: نەخێر، واللە هیچ کتێبێکمان نییە کە بیخوێنینەوە جگە لە کتێبی خوای گەورە (قورئان)، وئەوەیشی کە لەسەر ئەم کاغەزە تۆمار کراوە، کاغەزەکەی پێچدراوەکەی کردەوە: چەند جۆرێک وشتری تێدا نووسرا بوو کە وەکو دیە دەدرێن بەرامبەر خوێن، وهەروەها هەندێک حوکمی شەریعەتی تێدا نووسرا بوو کە پەیوەندی بە کوشتنە حەرامکراوەکانی ناو مەککە وکەفارەتەکانیان. ولەم تۆمارەشدا نووسرا بوو: پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «مەدینە شوێنێکی پیرۆزە لە نێوان شاخەکانی عیر بۆ سەورە (ثور)ە، هەرکەسێک شتێکی تێدا دابهێنێت -لە دیندا- (بیدعەیەک دابهێنێت)، یان دااڵدەی بیدعەچیەک بدات؛ ئەوا نەفرەتی خودا وفریشتەکانی وهەموو خەڵکی لێبێت، خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی فەرز وسونەتی لێ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا. پەیمانی پاراستنی کافرێک لە لایەن مسوڵمانێکەوە پێویستە بپارێزرێت (کە بێتە ناو خاکی مسوڵمانانەوە)، وئەم پەیمانە دەبێت جێبەجێبکرێت لە لایەن مسوڵمانەوە جا ئەگەر مسوڵمانەکە لە پلەیەکی کەمیشدا بێت، وئەوەی خیانەت لە مسوڵمانێک بکات بە شکاندنی پەیمانەکە (بە ستەمکردن لە کافرەکە یان کوشتنی)؛ ئەوا نەفرەتی خودا وفریشتەکانی وهەموو خەڵکی لێبێت، خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی فەرز وسونەتی لێ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا. وهەرکەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بۆ خۆی بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی (لەگەڵ ئەوەش کە بزانێت ئەمە باوکی ڕاستەقینەی نییە) یان کۆیلەیەک (بەندەیەک) بانگەشەی خاوەندارێکی (گەورەیەکی) تر بکات خۆی جگە لە خاوەنداڕە (گەورە) ڕاستەقینەکەی خۆی؛ ئەوا نەفرەتی خودا وفریشتەکانی وهەموو خەڵکی لێبێت، خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی فەرز وسونەتی لێ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەکاتی وتاردانداا لەسەر مینبەر، عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: سوێند بە اللە، هیچ کتێبێکمان نیە کە بیخوێنینەوە جگە لە کتێبی خودا (قورئان) وئەم تۆمارە، پاشان کاغەزەکەی کردەوە کە ژمارەیەک جۆر وشتری تێدابوو لە گەڵ دیەی خوێنەکە وهەروەها هەندێک بابەت وئەحکامی شەرعی تری تێدا بوو کە پەیوەندی بە کوشتنی ئاژەڵەوە هەبوو لە ناو مەککە، ولەو نووسراوە فەرموودەیەکی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- تۆمارکراوە کە فەرموویەتی: مەدینە شوێنێکی پیرۆزە وحەرەمە وەکو مەککە، مەدینە لە نێوان شاخی عیر بۆ شاخی سەور (ثور)ە، ئەوەی بیدعەیەک دابهێنێت لە دیندا یان ببێتە هۆی ئازار وزیانگەیاندن بە مسوڵمانان بە تاوانێک یان ستەمکردنێک، یان دااڵدە وپشتیوانی بیدعەچی وستەمکارێک بکات، ئەوا نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورەی لێبێت کە نەفرەت بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە دوور بێت لە ڕەحمەتی خودا، ونەفرەتی فریشتەکان وهەموو خەڵکیشی لێبیت، واتە فریشتەکان وهەموو خەڵکیش داوا بکەن کە خوای گەورە لە ڕەحمەتی خۆی دووری بخاتەوە، وخوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کردەوەیەکی چاکی لێ قبوڵ ناکات نە فەرز، نە سونەت، ونە تەوبەی لێ قبوڵ دەکات، ونە کەفارەت (فیدیە یان دیەی) لێ قبوڵ دەکات. پەیمانی پێدانی ئەمانەت وپاراستن بە کافر لە لایەن مسوڵمانەوە دروستە بە مەرجە زانراوەکانەوە، ئەگەر ئەم مەرجانە بەدیهات ئەوا نابێت ئەم پەیمانە بشکێندرێت، ئەوەی پەیمانی مسوڵمانەکە بشکێنێت ودەستدرێژی بکاتە سەر کافرەکە؛ کە بە پێی شەریعەتی خودا ئەمانەتی پێدراوە، ئەوا ئەم پەیمان شکێنەرە نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورەی لێبێت کە نەفرەت بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە دوور بێت لە ڕەحمەتی خودا،

ونەفرەتی فریشتەکان وهەموو خەڵکیشی لێبێت، واتە فریشتەکان وهەموو خەڵکیش داوا بکەن کە خوای گەورە لە ڕەحمەتی خۆی دووری بخاتەوە، وخوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کردەوەیەکی چاکی لێ قبوڵ ناکات نە فەرز، نە سونەت، ونە تەوبەی لێ قبوڵ دەکات، ونە کەفارەت (فیدیە یان دیەی) لێ قبوڵ دەکات. وهەرکەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بۆ خۆی بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی (لەگەڵ ئەوەش کە بزانێت ئەمە باوکی ڕاستەقینەی نییە) یان کۆیلەیەک (بەندەیەک) بانگەشەی خاوەندارێکی (گەورەیەکی) تر بکات خۆی جگە لە خاوەندارە (گەورە) ڕاستەقینەکەی خۆی؛ ئەوا نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورەی لێبێت کە نەفرەت بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە دوور بێت لە ڕەحمەتی خودا، ونەفرەتی فریشتەکان وهەموو خەڵکیشی لێبێت، واتە فریشتەکان وهەموو خەڵکیش داوا بکەن کە خوای گەورە لە ڕەحمەتی خۆی دووری بخاتەوە، وخوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کردەوەیەکی چاکی لێ قبوڵ ناکات نە فەرز، نە سونەت، ونە تەوبەی لێ قبوڵ دەکات، ونە کەفارەت (فیدیە یان دیەی) لێ قبوڵ دەکات، چونکە ئەم ئینکاری کردنانە کوفرکردن وسپڵەییە بەرامبەر نیعمەت وچاکەکاری، وهۆکارە بۆ فەوتاندنی مافەکانی میرات ودڵسۆزی (ولاء) وئەقڵ (ژیری) وجگە لەمانە، وهەروەها پچڕاندنی پەیوەندی وخراپەکارییە بەرامبەر نزیکترین کەسەکان، وجگە لە باوک سپڵە بوون بەرامبەر هەموو خزمێک وکەسێک نەهی لێکراوە لە ئیسلامدا بەڵکو داواکراوە کە مرۆڤ بە وەفا بێت وچاکەی بەرامبەری لەبەر چاو بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6381